به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان و گەشەپێدانی مێژووی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەریی کوردی!

جەمال خەزنەدار
(بەرپرسی موزەخانەی ئەرشیڤ و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردستان هانۆڤەر - ئەڵمانیا)

ئەگەر ئاوڕێکی بە پەلە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی باشووری کوردستان، لە پێش دامەزراندنی حکومەتی ئێراقی بدەینەوە، دەبینین بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٤دا، یەکەمین گۆڤار بە زمانی کوردی و تورکی بە ناوی «بانگ کرد - بانگی کورد» لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٧ی ئازاری ساڵی ١٩١٧دا ئینگلیزەکان کە بەغدایان داگیرکرد و دەزگای ڕۆژنامەگەری «تێگەیشتنی ڕاستی»یان دامەزراند و لە ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨، یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی» بە (٤) لاپەڕەی قەوارە (٢١,٥ - ٢٤)، بە زمانی کوردی و بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) و بە ئەلف و بێی کوردی لە عەرەبی و ئارامی داهێنراو چاپ و بڵاوکردەوە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩دا، ژمارە (١) یەکی گۆڤاری «گەلاوێژ»ی پرشنگدار بڵاوکرایەوە، دوا ژمارەی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە، بە پێی ساڵەکانی دەرچوونی (١١٧)(*) ژمارەی لە (٩٩) بەرگدا لێ بڵاوکرایەوە.

لە وڵاتە پێشەکەوتووەکانی دنیادا، گۆڤار و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانیان هەندێ خەسڵەتی تایبەتیان هەیە لە ناوبانگ دەرکردندا وەک:

- درێژەپێدانی بڵاوبوونەوە و تەمەن درێژی، لە دنیای ڕۆژنامەگەریی گێتیدا دەبێتە هۆکاری ناوبانگ دەرکردن.
- بڵاوکراوەکە لە یەکەمین ژمارەی تا ئەو ڕۆژەی بەردەوام بووە، بە یەک شێوەو بە بێ گۆڕانکاری ناوەکەی دەنووسرێ.
- ستافی نووسین و بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری تێدا ناکرێ، تەنیا لە حاڵەتی مردنی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسین و بەڕێوەبردن نەبێ.
- مەرجە بڵاوکراوەکە لە کاتی دەستنیشانکردنی بڵاوبوونەوەی دوانەکەوێ، واتە لە کاتی دیارکراوی خۆیدا بڵاوبکرێتەوە، گومان لەوەدا نییە ئەو مەرجانەی سەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە گۆڤاری (ڕامان)دا ڕەنگیان داوەتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، لەبەر ئەوە دەتوانین

بڵێین گۆڤاری «ڕامان» لە ناو ئەو لیستی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە لە پرۆژەکەی ئێمەدا هەیە، پرۆژەی «ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی» نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ - ٢٠١٥، کە خۆیان لە ناو (٥٠٠٠) پێنج هەزار ناو دەبینێتەوە، هەیە لە مێژووی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بایەخێکی تایبەتی.

سەرنووسەری گۆڤاری «ڕامان» دەربارەی ناوی ژمارە (١) یەکی گۆڤارەکەیان دەڵێ :

«تەنیا ئەم تاقە ژمارەیە بە ناوی «تێڕامان» دەرچووە، لەبەر ئەوەی لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو، وشەی تێڕامان مانایەکی جیاوازی دەبەخشی، کە لە مانای (ڕامان) و ئەوەی ئێمە مەبەستمان بوو مانایەکەی جودا بوو، لەبەر ئەوە ناوەکەمان گۆڕی و ژمارەی دووەممان بە ناوی (ڕامان) دەرکرد».

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ئەو دەزگایانە کەمن (لەوانەیە هەر نەبن) کە توانیبێتیان لە ماوەی (٢٦٤) مانگدا، (٢٤٠) ژمارە لە گۆڤارێکی وەک (ڕامان)ی مانگانە دەربکەن، کە دەکاتە دەیان هەزار لاپەڕەی قەوارە (٢٨ - ٢١سم)، ئەوەش بەشێکی زۆری بۆ هیمەتی سەرنووسەرەکەی ئازاد عەبدولواحید دەگەڕێتەوە. وەک من ئاگادارم تاقەکەسێکە وەک نووسەر و ئەدیب و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس (٢١) بیست و یەک ساڵ زیاترە ئەم گۆڤارە بەڕێوە دەبات و بە نیازی پێشخستنی بزاڤی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەریی کوردی کۆڵی نەداوە.

ئازاد عەبدولواحید یەکەمین ڕۆژنامەنووسە توانیویەتی لە هەڤپەیڤینەکانیدا لەگەڵ نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد وەستایانە پەردە لە سەر مەحزوور و شاراوەکاندا لا بدات و بیانخاتە ڕوو، ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە سەلیقە و شارەزاییەکی زۆری گەرەکە و لە هەموو کەس ناوەشێتەوە.

ئازاد عەبدولواحید پسپۆڕێکی نەترسە لە باسکردن و ئاشکراکردنی لایەنە شاردراوەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا، گومان لەوەدا نییە ئەم گۆڤارەی بەڕێوەی دەبات پێویستی بە کۆمەڵێک پسپۆڕ و زانای شارەزا هەیە، هەروەها پێویستی بە داراییەکی باش هەیە، بەڵام ئەو تاقە کەسێکە وەک کادیری نووسین بەڕێوەی دەبات، هەروەها شانازییەکی گەورەیە کە لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕامان) بە نووسینی نووسەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەدرەوشێنەوە و تێکڕای نووسەرانی کوردستان بە ڕێگای لاپەڕە ڕەنگینەکانی گۆڤاری «ڕامان»، ئاگاداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەر چوار پارچەی کوردستانن، بەم جۆرە ڕەسەنایەتی و بایەخداریی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە گۆڤاری (ڕامان)دا ڕەنگدەداتەوە و دەوری پێشڕەوانەی لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بۆ خۆی تۆمار دەکات.

ڕاستییەکەی دەتوانین گۆڤاری «ڕامان» بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و بایەخدار بۆ مێژووی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دابنێین، چونکە نووسینی ئەدیب و نووسەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە سەر لاپەڕەکانیدا هەیە.

من دەتوانم بڵێم گۆڤاری (ڕامان) لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پرۆژەیەکی نەتەوەییە، پێویستی بە کۆمەک و پشتیوانی و یارمەتی دارایی زۆر هەیە بۆ فراوانکردنی چالاکییەکانی لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

*** سەرنج: گۆڤاری گەلاوێژ بەسەریەکەوە (١١٦) ژمارەی لێ دەرچووە، نەک (١١٧).**

**(ڕامان)**